# گرفتی پێکەوە هەڵنەکردنی کەلتووری
# ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات

**ڕێبوار حەسەن**
ئەندامی شارەوانی ستۆکهۆلم
rebwarh@hotmail.com

ئەم پەیوەندیی نێوان ئەوروپا و ئیسلامە کێشەیەکی ناسکە، ئەهێنێت هەڵوەستەیەکی ژیرانەی لەسەر بکرێت و مەوداکانی شرۆڤە و شی بکرێتەوە، ئەمەش بۆ زیاتر تێگەیشتن لە یەکتری و کەمکردنەوەی ئەو ئاستە دژوارانەی لە نێوانیاندا ئەورووژێن.

جێی رامانە زۆر لە مێژە و ئێستاشی بە چڕی لەسەر بێت، خەڵکی ئیسلام لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بەگشتی بە چاوی پڕ گومانەوە سەیر ئەکرێن، یان هەر وەک دێو و درنج و خێو دێنە بەرچاوی زۆربەی خەڵکانی ئەم وڵاتانە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەو جیاوازییە بەرچاوەی نێوانیان بەرینتر بچێت و ئەگەری دیالۆگێکی لۆجیکانە و هێمنانە دوور بخاتەوە. گەورەترین فاکتەری ئەم دوورکەوتنەوەیەش، نەبوونی زانیارییەکی تێروپڕە لەمەڕ هەردوولا، بۆ هەرسکردنی بۆچوونی یەکتری و دروستکردنی چەند پردێکی پتەو بۆ گەیاندنی جەمسەرە دوورەکانی کەلتوورە جیاوازەکان.

ئەم هێرشە میدیایی و سوپاییەی کراوەتە سەر ڕۆژهەڵات،دژە کارێکی دژواری بە دوای خۆیدا بە جێ هێشتووە، ئەویش بروا بوونی بەشێک لە هەردوو لا بە دژایەتی ئیسلام بە گشتی نەک دژایەتی کاری تێرۆریستی، کە میدیا رۆڵێکی بەرچاوی بینیوە بە لایەنە ئەرێتی و نەرێتێکەیەوە.

خۆ ئەم دیموکراتییەتەی جاڕی بۆ ئەدرێت، راشکاوانە باس لە ڕێزگرتنی بیر بۆچوونەکان ئەکات بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە، ئەمە بوارێکی گرنگە بۆ ڕێزگرتن و دروستبوونی گیانی رەخنە بۆ پێشەوە چوون و پتەوی پەیوەندی نێوان خاوەن بیر و باوەڕە جیاوازەکان، کە دینیش یەکێکە لەوان، ئەوەش لە سنووری ڕێز و دانەبەزاندنی نرخی کەسایەتی خەڵکەکانی، لێرەدا هەرچی باوەڕدارە وەک چۆن نرخ بۆ باوەڕی خۆی دائەنێ، ئاواش بۆ بەرامبەرەکەی دابنێ و تەنانەت ڕێزی ئەوانەش بگیرێت کە لەو بارەیەوە بێ باوەڕن و لە قاڵبی ئەو بۆچوونانەدا نین.

کەواتە لێرەدا یەک خاڵی گرنگ دێتە پێشەوە، ئەویش دەستبەردار بوونی ئیسلامە توندڕەوەکانە لەو باوەڕەی کە هەر کەسێک ئیسلام نەبێت ئەبێت ئیسلامیکەیت.

لە لایەکی ترەوە بەشێک لە کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی ئەوەندە لە رەگەزپەرستیدا قووڵبوونەتەوە تەنانەت ئەو رەگەزپەرستییە بەرامبەر هەرکەسێکی وڵاتانی ئیسلام پیادەی ئەکەن، ئەگەر ئەو کەسەش وەک ئیسلام ئیمانێکی لاوازی هەبێت یان هەر نەیبێت.

هەرچەندە مافی پراکتیزەکردنی دین لە ڕۆژئاوادا ئازادییەکی تەواوی هەیە، کەچی زۆر جار دین خۆی تێکەڵاوی پۆلەتیک ئەکا و بە ئاشکرا بەسەر پۆلەتیکدا هەڵئەکشێ و دەبێتە ئەلتەرناتیڤێکی سەپاو، ئا لێرەدا هەرچەندە ئەمە بە تەواوی دەدرێتە دواوە،لە هەمان کاتدا ئەو بالانەی تێروانینێکی لۆجیکانەیان بۆ دین هەیە، پێویستە لە باوەش بگیرێن و هان بدرێن و پەرەیان پێ بدرێت بۆ بنبڕ کردنی دەمارگیریی و پێداکوتانی بێ ئامانج. جا هەرچەندە نکولی کار تێکردنی دین

لەسەر پۆلەتیک ناکرێت، بەلام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت هەرچی چەمکەکانی ژیانە بە تەرازووی دین بپێورێت، چونکە ئەمڕۆ پێداویستییەکانی ژیان و بنەماکانی دیموکراسی لەگەڵ دیندا تێک ناکەنەوە.
ئەمڕۆ کە پڕۆسێسی بە دیموکراتی کردنی جیهانی ئیسلامی بۆتە کێشەیەکی بەرچاوی رۆژانە و لە خۆرئاوادا دەمەتەقێی گەرمی بۆ ساز ئەکرێت، جا هەر هەنگاوێک بۆ ئەم مەبەستە لە رێزگرتنی مافە مرۆییەکانەوە دەست پێئەکات، ئەمەش فاکتەرێکی بناغەییە بۆ کەمکردنەوەی گیانی تێرۆریستی و شەڕانگێزی و پیادە کردنی ئاشتی و ئاسایش لەو ولاتانە بە تایبەتی و رەنگدانەوەی لە جیهاندا بە گشتی، لێرەدا گرنگ یارمەتیدانی ئەو پرۆسەی دیموکراتییەیە لەو ولاتانەدا، بە بێ سەپاندنی مەرجە دەرەکییەکان.
بە پێی راپۆرتی بەشی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کە هاتووە و ئەڵێت: رەگەزی ژن لە ولاتە ئیسلامییەکان سووک سەیر ئەکرێن و توند و تیژییەکی بەرچاو لە دژیان پیادە ئەکرێت. جا کە ژن نیوەی کۆمەڵ بێت ئەمە گرفتێکی گەورەیە لە رەوتی دیموکراتیدا و پێویستە تەقەلایەکی تەواوی بۆ بدرێت و لایەکی راستەقینەی لێ بکرێتەوە.
باری ئابووریش یەکێکە لە گەورەترین فاکتەر کە کار ئەکاتە سەر پرۆسەی دیموکراسی، نا بەرامبەری ناو چینەکانی کۆمەڵ بە شێوەیەکی زەق گەندەڵی سیستەمەکە بەرجەستە ئەکات،لە سیستەمێکی گەندەڵدا گیانی دیموکراسی هەمیشە لە مەترسیدایە.
هێنانی ئەو خالانەی سەرەوە لە مەترسی ئەنجامی ئەو تەوژمە توندرەوانەیە کە خەڵکانی رۆژئاوا دژ بە ئیسلام پیادەی ئەکەن و رۆژ بە رۆژ لە برەودایە،نوێنەرانی ئەم تونرەوانە لە ئەوروپادا بە شێوەیەکی بەرچاو رژاونەتە ناو کۆمۆن و پەرلەمان و ئەنجومەنە شارەوانییەکانەوە، بە تایبەتی دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2000 ،
لەبەر ئەوە ئەبێت ئەمڕۆ دڵسۆزانە کۆشش بکرێت و لە جەمسەری هەموو کۆمەڵگاکاندا توند و تیژی بنبڕ بکرێت و کۆمەڵگایەکی دیموکراسی لە شوێنەواری مەترسیدار چلوورە ببەستێت و، دیالۆگ و لە یەک گەیشتن تاکە رێگاچارەی ناکۆکییەکان بێت.
دیالۆگێک شرۆڤەی پەیوەندییە مێژووییەکان بکات.
رۆڵی ئاین لە لایەنە پۆزەتیڤەکانەوە بە هەند وەربگیرێت.
بیر و بۆچوون و نرخە کۆمەلایەتییەکان بەرز بنرخێنرێن.
لە یەک گەیشتنی نێوان کلتووره جیاوازەکان.
گرنگیدان بە یەکسانی بوون و پراکتیزەکردنی لە بوارەکانی ژیان.
برەودان بە کۆمەڵگا سڤیلەکان.
2007 /2/27